سیره: ٢٦

بسم الله الرحمن الحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر)، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

ثانەویاتە ئیننەما بەو صیغە تەحویلیە ئەمە دەتانین ئەو غایە و هەدەفەی کە رب العالمین ئەمەی لەبۆ خەلق کردیە ئیجاد و تەحصیلی بکەین ئەویش و رضوان الله أکبر ئا ئەوەیە مەقصودمان، ئەو وەختی ئا ئەو دەورە ئەو حالەتە ئیجاد دەکرێ لە داخیلی مە، خودا تەوفیقمان بدا و تەرشیدمان بکا وە موعینمان بی لەبۆ ئینتاجی ئەو حالەتە.

بێینە سەر دەرس، لە خزمەتتان حەفتەی پێشی بەحسی سەردەکی تاریخی، صیغەی دروست بوونی جەمعی یەثریبیین، ئەوس و خەزرەج لە یەثریب کە پاشان پاش ئیخراجی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەبۆ یەثریب دەبتە مدينة الرسول، صیغەی ئیرتیقائی ئا ئەو جەمعە لە بەیعەی عەقەبەی یەکەم شەش نەفەر، کە کو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم قەواعیدی ئیمانی لەبۆ بەحس کردن لەبۆیانی تەفسیر کرد، پاشان نەفەری لەگەر ناردن لەبۆ یەثریب موصعەب ئیبن و عومەیر کە سەفیری بوو، ئەو جەمعە لەوێ ئیشیان کرد وبالأخص موصعەب ئینتاجی هەبوو، بەیعەی عەقەبەی دووەمی لە سەر هات دوازدە نەفەرەکان، گەڕانەوە دیسان ئەو جەمعە موصعەبیان لەگەر بوو، فەترەی سێیەم کە هاتنەوە بەیعەی عەقەبەی سێیەم حەفتا و سێ نەفەر بەحسی ئەوەمان کرد لە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، کو ئەو جەمعە لەگەر ذاتی رسول صلى الله عليه وسلم جەمعی طەرەفەین موفاوەضە یاخود موبایەعە، کە کو هۆرد و طەڕەف گەیشتنە ئائەو قیممەی مەفڕوض لە ویستی خوای.

ئەورۆ بەعزە تیشك دەخەینە سەر صیغەی ئا ئەو تەعامولانە، کو کرایە وە لۆ بووە لۆوەی فیعلەن کە دێین ئەمە تەعامولی لەگەر سیرەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەو بوعدە قورئانیە ئیمانیانە تەعامولی لەگەر بکەین، حالەتەك مەوجودە وە بە قەناعەتی من موراجەعەی پێ دەوێ ئەو حالەتە ئەویش ئەوەیە: زۆر جار ئەمە خۆمان لە ئەسنای واقیع، واقیع دەمان گەینتە حالەتەك ئیحتیاجمان بە بەعزە موعالەجات هەیە داخیلی، مەربوطە بە ذیهنمان مەربوط نییە بە ئیمانمان حالەکە واقیع دروستی کردیە، دەچین موستەنەدات لە سیرەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم یاخود تەجمیعی ئایات دەکەین، دەشمانەوێ نەفسی نەتائیج کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە حالەتی جەنینی فەرخەیی گچکۆکەیی ئیمانی بینا کردبی و بەو هەموو مەراحیلانەیدا تێپەڕاندبی، بە چ ثەمەرەك گەیشت بی

دەمانەوێ نەفسی نەتائیج ئانەن، بە عەجەلەیی بە بێ ئەوەی ئەمەش بە نەفسی مەڕاحیل و بە نەفسی ئەوصاف بە نەفسی حالات دروست بوون نەفسی ثەمەرەشمان دەوێ لەبۆمان ئیجاد بکا، ئەو حالەتە لە ناو شەبابی صەحوە وە جەمعی موسولمانان ئیسلامیین زۆرە، عیلمەن بە قەناعەتی خۆم ئەو حالەتە موراجەعەی پێ دەوێ.

حالەتی سیرە لە قورئان کە کو رب العالمین حەییە زیندووە ئەو قورئانەش ئەوها حەییە زیندووە، ئەو قورئانەی ئەمە دەبینین بەینە دفتین المصحف ئەوە ئیعتیبارەن لە حەیاتی مە ئەو قورئانە حەیات وەردەگری، ئەمە چەند حەیەوییەتمان تێدا مەوجود بی چەند موفعەم بین چەند نەشاطی داخیلیمان مەوجود بی ئەوەندە قورئان لەگەرمە تەعامول دەکا، نەفسی وەقت پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم بەو صیغەیەی لەگەر مە حەییە مەوجودە بە نەفسی حەیات بە نەفسی ئسلوب.

ئیذەن ئەگەر هاتو ئەمە دەستەکی بەشەری لێبکەینەوە نەفسی ئەو صافی دەستی بەشەر بدا وەکو کو دەستەکە مەوجودە مەربوطە بە ذاتی بەشەرەکەی، ئەو وەختی لە موقارەنە خەطەئمان لەبۆ کەشف دەبی، دەستە ئەو صافی خاصی خۆی هەیە ئەمما لێی کەینەوە لە ناو مەتحەفی دابنێین هەر پێی دەگوترێ دەست ئەمما دەستەکی مردی حەرەکە و نەشاطی نییە، ئەمما ئەگەر هات لە ذاتی بەدەنی ئینسانەکەی دابوو هەرچی خوا ئەمری پێی کردبی بە تەقدیر ئەو دەستە ئەوئیشە دەکا، نەفسی ئوسلوب لەگەر قورئان لەگەر سوننەش ئیستیعمال دەکەین ئەمە، دێین وفقی واقیعی خۆمان طەبیعەی ویژدانی و وجودی خۆمان لەو بیئەو لەو وەسەطەی کە تێیدا مەوجودین، دێین تەماشا دەکەین ئەو حالەتە ئەبەو نەوعەیە ئیذەن یەك مەجموعە ئەحادیث یاخود مەقاطع لە سیرە وەری دەگرین لە سەر حالی خۆمانی تەطبیق بکەین، عیلمەن دەبا موفرەداتی ئەو حالەتەی کە ئێستا ئەمە تێیدا مەوجودین تێیدا وجود بوینە هاتینە حەتمەن مەراحیلەکی زۆری سابیقی هەیە حەلەقاتی زۆری سابیقی هەیە، دەبا ئەمە ئەویش دیراسە بکەین ئەو وەختی بزانین فیعلەن ئا ئەو دەرمانەی کە فیعلەن ئەگەر قەناعەتمان بەوەی هەبی سیرە حیکمەتە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە قورئانەوە تەحویلی کردبی لەبۆ واقیع، ئەو وەختی بەو حەیەویەتەوە وەرمان دەگرت نەك وەکو دەستە مردیەکەی، بە کەیفی خۆمان تەقطیعی کەین ئەو جەمعە ئەحادیثە لەبۆ فلان شتیە، عیلمەن وەرە حەقیقەتی مەوضوع ئەو جەمعە ئەحادیسە لەبۆ ئەو مەوضوعە هەر تێك ناکا.

ئەوجە ئەو حالەتە لە سیرە وەرگرتن بە من زۆر تەقطیعی مەوضوع دەکا، لە عەینی وەقتیش ضەربەکی گەورە لە حەیەوییەتی ئەخذ وەرگرتن لە سیرە دەکا، ئەوە ئەو مولاحەضاتانە بەمن هەمووی موهیمە لە عەینی وەقتیش بە بوعدی ئیمانیشی دادەنێم صەراحەتەن، چونکی پێغەمبەر

صلی الله علیه وسلم ئینسانەکی زیندوو بوە قورئانەکی زیندووی لەبۆ هاتیە لۆوەی حەیاتەکی زیندوو دروست بکا.

حەقیقەتی هەیە ئەو حەیاتە ئەمما ئەگەر هاتو ئا ئەو بوعدەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لێی سەحب کەین ئەو وەختی ئەو پێغەمبەرەی صلی الله علیە وسلم کە بەو زیندویاتیەی ماددەی زیندوی هینایە ئەو وەختی تەقتطیعی دەکەین ئەمە، ئەو وەختی کأنە بە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەرێین ئەمە پێی دەرێین یارسول الله ئەتو تابیعی مەبە نەك ئەمە تابیعی توبین، چونکی لەو مەوزوعەی ئەوەندەمان لەتو پێویستە لەو قەضیەیەی ئەوەندەمان پێ عیلاجە ئەوەندەمان بدێ و جزاك الله خیر لە جێی خۆت بە ئەتوو، ئا ئەوە تەقطیعی سیرەیە و قەطعی حەیەوییەتە لە مەفهومی سیرە، لۆیێ ئەگەر هەر ئینسانەکی موئمین بیەوی فیعلەن ئیمانی واقیعی و حەقیقی بی وفقی بینائی قورئانی دەبی بە تە رتیبی بیدائیەوە دەست پێ بکا لەگەر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم هەر لە بەذرەی یەکەمەوە لە دەنکی یەکەمەوە لە نوواتی یەکەمەوە جەنین سەبر سەبر دروست ببی هەتا دەگاتە ئەو حەددەی کە خودا دەیەوی جل جلالە.

لۆیێ تەماشاکەن ئەها ئەمە خۆمان باشترین نموذەجین لەبۆ ئەو مەوضوعەی ئا ئەو ئەدائەی ئەمە دەیکەین لە تەکالیف لە نوێژو رۆژی و شتیتکەش ئەذکار وەکو صەحابەکانە، عیلمەن ماددە نەفسی ماددەیە قورئان نەفسی قورئانە کە لەبۆ پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم دابەزییە، ئەمما پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەسەری تەنزیل کرایە تەنزیل، خودا جل جلالە تەنزیلی کردیە لۆ چونکی حالەتەکە مەوجود بوو دروست کرابوو، ئەگەر ئەمەش بمانەوێ نەك قورئان بخینین ئینەما لەسەرمان تەنزیل بکرێ بەو حەیەوییەتەی کە قورئان تێیدا مەوجودەو پێغەمبەر وەری گرتیەو تەحویلی کردیە لەبۆ جەمعی صەحابە دەبی فیعلەن بە عەینی تەرتیب بەعەینی نەوعییە بە عەینی تەتەببوع بەدووی دا بچین.

لۆیێ تەماشا بکەین پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم سیرەی لە قورئان هەمووی جوزئە بینائیاتە مەرحەلەك تەقدیمی مەرحەلەکی دەکا، حالەتەك ئیعدادی وەضع دەکا لەبۆ حالەتەکی پاشی وی، کیهانی قەطع کەی کأنە حەلقەکە لەو حەلقەتانەی پێویستی بە پێشی خۆی هەیە بە پاشی خۆشی هەیە هەتا پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە قورئان: (الیوم أکملت لکم دینکم)ی(المائدە٣) لۆ دێتە خوارێ، هەمووی بەو نەوعەیە.

ئەوجە ئەو جەمعە صەحابەیە لە خزمەت پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم بەو نەوعەی ئیمانی داچون پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کو خۆی دەستی پێ کردبوو لەگەر مە ککەیی عەینی ئوسلوب عەینی حال لەبۆ وانیش دەستی پێ کرد، مامۆستای موشریفی لەسەر دانان موصعەب ئبن و عومەیر

بەوەفد ناردنی لەبۆ یەثریب، لە یەثریب موصعەب نەفسی دەوری پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەدا بکا بەنەفسی حال بەنەفسی کەم بەنەفسی نەوع، بەبێ کەم بەبێ زیاد، لۆیێ ئەو جەمعە شەش نەفەر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئیعلام و تەبیینیان لەبۆ دەکا کە لە مستەوای ناسن لە قوڕئان تەحویلیان دەکا لەبۆ مەڕاحیلیتکە تەسلیمی موصعەبیان دەکا چونکی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم زەمینە و ئەڕضیەی لەبۆیانی دروست کرد موصعەب ئیستیلامیان دەکا و ئیشی لەسەر دەکا موصعەب، دەیان گەینتە ئا ئەو سەقفەی کە دەیەوێ، بەیعەی عەقەبەی دووەم کە دێنەوە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئا ئەو پینج شڕوطەی دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد: (أن لا تشركوا باالله شيئا)، خۆی ئەوان ئەو حالەتەیان قەطع کردیە.

ئەمما دیسان پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەوائیری داخیلی ئینسانە، پاشان ئەو داخیلەی ئینسان چی نەقل دەبی دائیرەی خاریجی ئینسان کە ئینسان پێی دەکرێ بە جەواریح وەکو چاو وەکو زمان وەکو گێ وەکو دەست و پێ، پاشان ئەوجە ئەثەری ماعەدای خۆی ئەثەری لەسەر غەیر بەو حەلەقاتانە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کە ئەمریان پێ دەکا أن لا تشركوا باالله شيئا، هەرچی صەنەمی خاریجیە لە یەثریب، وە لە مەککە کە ئەوانە تەعەللوقی قەلبیان پێوەی هەیە وە ئەصنامیتکە بەشەری لە داخیلیان هەیە هەمووی ئەوانە بشکێنن.

مەثەلەن وەلائی ئەو ئینسانە عەرەبە لەبۆ رەئیسی عەشیرەت و قەبیلە صەنەمەك بو لە داخیلی دەی پەرست، ئیقتیصادیاتی حاجەی خواردن و خواردنەوە صەنەمەك بوو، لۆیێ هەر لەبەروەی مندالی خۆی دەکوشت، عورف و عادەت صەنەمەك بوو مولتەزیم بوو پێی دەیپەرست، لۆیێ کە کچی دەبوو مەجبور بوو لەبن خۆرێینێ لەبەر غیرەت، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم نەك بەس صەنەمی لات وعوزا و هوبەل و مەنات بشکێنی لە داخیلیان ئیننەما (لا تشركوا با الله شيئا) قاطیبەتەن، هەمووی ئیزاحە دەکا هەمووی لادەدا کە ئەو حالەتە ئەگەر موصعەب ئیشی لەسەر نەکردبی شتیتکەی لەسەر بینا ناکا پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، چونکی لۆ ئەساسەکەی ئەو وەختی علی شفی جرف هار لەسەر مەیەلان دروست دەبی، ئەها وەکی مە دوو رۆژ گوناهان ناکا رۆژی سێیەم دەگەڕێتەوە سەر گوناهەکەی، لۆیێ پاشی وی (أن لا تشركوا باالله شيئا) بە واوی واوی مەعییە دەفەرمی: (ولاتزنوا).

نوقتەی دووەم: ئەها بەحسمان کرد زیناش نەك بەس ئەو عیلاقە شەرعیە جنسیە مەحدودە نییە بەینی ئینسان و ئینسان، ئەوجە والعياذ باالله پیاو بی یان ژن بی، موحتەمەلە زۆر جار والعياذ باالله خودا لەو مەجلیس و مەقامەی لەو گەنجانە بە دوور بێخی بە قەلب ئینسان زینا بکا یا تەسبیحیشی لە دەست بی، شعوری لەکن فاحیشەیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کە دەفەرمی: (أن لا تشركوا باالله شيئا)، ئائەو حالەتەش چونکی ئەثەری شیرکە لێی لادەدا لێی ئیزاحە دەکا، ئەوە بەینی خۆی و بەینی

شەهاوات شەهەواتی جنسی، شەهوەی ماددی حاجەو ئەنا داخیل ئەویش دیسان پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئائەو ئەسەری ئەو صەنەمەی لە داخیلی دەشکێنی بە (أن لا تسرقوا)، ئەو هەموو ئمورانەی بە داخیل دەکرێ داخیل زەمینەی نەبی لە خاریج ناکرێ هەتا ئینسان لە داخیل خۆی سەریقەی نەکا بە خاریج سەریقە ناکا.

ئیذەن سقوطەکە لە داخیلە لۆیە رب العالمین ئیبلاغ و ئیحاء لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم رەبطی ئەو قەضیەیەی (بأن لا تشرك بالله شیئا)، ئەوە هەمووی ئەثەری ئائەو شیرکەیە ئەو مەعاصیانە ئەو حالەتە دروست بووە لەو جەمعەی، گەرانەوە یەثریب، موصعەب ئیش دەکا دیسان لەسەریان کە هاتنەوە لیقائەکی موعەییەن لە جێیەکی موعەییەن وەکو بەحسمان کرد لە حەفتەی پێشترێ، لیقائەك لە ناو مەککە، مەککە مەهبەطی وەحی وە مەهبەطی عیلاقەی شەیطان لەگەر عەناصڕی خۆی، چونکی لە کورەی ئەرز لە هەموو جێیەك زیاتر جێیەك شیرکی لێ بکرێ گوناهی لێ بکرێ مەککە بوو، لە ناو بەیتی رب العالمین کە بەدەستی حەزرەتی ئیبراهیم و بە خەریتەی جوبریل دروست کرابوو سێ سەت و شێست و پێنج بەس صەنەم هەبوو، هەر لەناو مەککە وەکو عایشە رضی الله عنها أم المؤمنین بەحسی دەکا چار نەوعە زینا هەبوو موصەڕەح، بە عورف و عادەت ئیقراڕی لەسەر دەکرا، ئائەو شتە لە جێیتکە بەو دەرەجە و بەو فسق و فجوریەی نەبوو، لەعەینی وەقتیش رب العالمین هەر ئەوەی ئیختیار کرد بە مەهبەطی وەحی، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم تێدا ئیجاد بکرێ و وەحی لەبۆ بێتە خوارێ، لەو جێیەی بە وجودی شەیطان و شەیاطینی ئینس و جین ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بە واسطەی ئا ئەو نەفەرە حەفتاو سێ نەفەرە لەو سێ صەت نەفەرەی وەفدی یەثریبین کە هاتینە لەبۆ حەج پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم تەشکیلی کیانی دەولەتی ئیمانییان لێ دروست دەکا.

ئەوجە ئەورۆ دێینە سەر تەسەلسولی صیغەی کە کو رب العالمین لە ئاسمانەوە خەرائیطی دانایە وە ئەو ڕەسولە نازدارە کو بە دیقەتی تەمام صەتا صەتی تەحویلی ئەو خەریتەیەی کردیە لەبۆ واقیعن لۆ وەی فیعلەن ئەو ثەمەرەیەی کە خوا دەیەوێ بەو سەتا سەتییەی مەوجود بی لەواقیع، ئائەوەیە ئیلتیزامی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بە وەحی بەو صیغەیەی، ئەو جەمعە موبارەکە طەبعەن وەفدیان نارد لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەوە ئەمە دێین وەکو دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم جێی تەئمین کرد شیعابی مەککە، لۆوەی فیعلەن نە موشریکین نە شەیاطین لەعەینی وەقتیش ئا ئەو عەناصڕانەی کە موتتەصیلن لەگەر وەفدی یەثریبین هاتینە وە غەیریش چونکی (عام الحج)ە، قەضیەکە زەمەنی حەججە موحتەمەلە بە میئات و ئولوف نەفەر لەوێ مەوجود بووبن، ئیذەن ئەو جێیەی کەدەبی لیقائەکەی تێدا بکرێ وە ئەو نەفەرانەی کە پێغەمبەر

صلى الله عليه وسلم ئێستا دەیەوێ خەتمی ئیمانی پێوە بنێ، وە لە ئێستاوە ڕەبطیان کا بە رب العالمین بە بوعدی دەولەتی، دەولەتی ئیمانی فیعلەن دەبی جێیەکە مەئمون بی.

لۆیێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش ئەوەی حەڕەکە بکا کە مەوعیدو زەمان و مەکانی لەبۆ ئیختیار کردینەو تەخصیص کردینە، پێش ئەوەی ئەوان بێن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆی حەڕەکە دەکا، بە دوو جیهەی ئەمنی داخیلی و خاریجی ئەمنی ناو موسولمان کە علی بن أبي طالب وە ئەمنی خاریجی کە عباس بن عبدالمطلب تەئمینی هۆردوو لای کردیە، یەعنی هەرچی لەناو قوڕەیش و موشریکین ئەخبار هەیە بەو قەضیەیەی نسبەت هەمووی موئەممەنە، لەناو موسولمانانیش ئا ئەو مەوضوعە تەسریب نەکرێ لەبۆ صەحابە بەس پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم أبو بکر چونکی مەسئولی وفود بوو، مەلەففاتی شەخصی هەمووی لەمێشکی ابو بکر مودەوەنە، کێ دێ؟ عەدەدیان چەندە؟ مستەوایان چییە؟ وفقی وەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوجە موخاطەبەو تەفاهوم بکا لەگەریان، ئەبوبەکریش ئەمین سڕی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەمین سڕی ئەو دینەی حەتمەن خۆشی مەوجود، مەسئول ئەمنی خاریجی موسلمانان کە عەباس ئەویش مەوجودە، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم خۆی وەسیط بین الله وبین عبادە، خۆی موشریفە لەسەر قەضییە، جوبریل و ملائیکەتەکانیتکەش هەمووی حازرن، ئەوە طەڕەفی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم.

ئیذەن لەو هەموو حالە خەطەرەی قورەیش موشریکین مەوجودن، وەفدی موشرکین و یەثریبیین و غەیریش مەوجودن هەر ئەدنا خەبەر بگاتە وان لیقائەکە هەمووی فەشەل دەبێنی هەمووی تەفنیش دەبی، ئیذەن دەبی تەخطیطی موسبەق زۆر دەقیق بوبی وە مونەفیزیش زۆر زیرەك بوبی لەبۆ تەحویلی ئەو تەخطیطەی لەبۆ واقیع، عەدەدی هاتیەکان سێ صەت نەفەرن حەفتاو سێیانیان موسلمانن، حەفتا و سێش لە تەنیشت یەك لەگەر سێ صەتەکەی نوستینە یەك مەجموعەنە ئەوانە هاتینە وەفدی یەثریبیین سێ صەت حەجاج هاتیە حەج بکا، لەو سێ صەتەی حەفتاو سێی لە قائیمەی مەطلوبینە لیقاء لەگەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بکەن، ئەو حەفتا وسێیە بەتەنێ نەنوستینە لە جێیەك هەمووی لەگەر جموعێتکە موشریکین پێکەوە نوستینە موشریکینی یەثریب، عیلمەن وەقتی لیقاء پاش سەعات دەیە دەبی ئەو حەفتا و سێیە هەمووی سەحب ببی بەبێ ئەوەی ئەثەر بەجێ بێ لی.

ئیذەن نابی حەفتا و سێ نەفەر بەخۆیان و بە گەورە و گچکە و ژن و پیاویان پستەیان بێ، نابی جێی لاقیان ئەثەری لاقیان مەوجود بی، ئەوجە دیراسەت کە تەفەکوڕبکە بەچ زیرەکایەتیەك هاتیە ئەو حەفتا و سێ نەفەرە ئینیسیلاخ دەکا لە ناو ئەو جموعە، هەمووش پێکەوەنە شەویشە حەفتا و سێ نەفەر لۆیێ ئیمام ئەحمد دەگێڕتەوە لە جابر صەحابیە لەو مەجلیسەی مەوجود بووە، دەرێ

تەسەلولمان دەكرد وەكی پشیلەی ئەها پشیلە چەند خەفیف دەڕوا ئەبەو نەوعەی، ئەمما ئایە ئەوە ئەثەری هەر جابرە و جەمعە صەحابەكەیە حەفتاو سێ نەفەرەكە، نەخێر خودا جل جلالە لە ئاسمان بە واسطەی مەلائیكەت ئەگەر صەوتیش دروست ببی ئیمتیصاصی بكا، نەخۆ موستەحیل بوو لەو سێ صەتەی یەك ئیحتیاجی بە قەضای حاجەتەك نەبی لەو فەترەیەی چونكی چەند سەعات پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە وەختیان قەطع دەكا ئەخذو عەطا هەیە لە بەینیان، ئەوها دەكەن ئەوها دەكەین بەو نەوعەی یەك تەعلیق داوێ یەك ئیعتیراض دەكا، پاشان ئینتیخابات زەمەنی دەوێ ئینتیخابات دەكرێ، ئەوە هەمووی لەو هەموو فەترەیەی نەفەرەك هەڵ نەستی، لۆ چونكی ئیرادەی خوای لەسەر ئەو قەضیەیە، ئەگەر هات و ئینسانەكیش لەو جەمعە هەر بستی رب العالمین عەن طەریقی مەلائیكەت كەفیلە لەبۆ تەنویمی بیكا.

ئەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بوعدی خۆی لایەنی خۆی تەئمین كردبی ئەمما خۆ ئەو لایەنەی تەئمین نەكردیە، ئائەوە ئەثەری ئیمانە ئەثەری تەسلیم بوونی تەواوە بە هەموو مەرحەلییەت لەبۆ رب العالمین چونكی خودا خۆی ئیدارەی ئوموری ئائەو جەمعە بكا، وە هەموو جەمعیش بەو نەوعەی ئەگەر بیەوێ رب العالمین ئیدارەی ئوموری دەكاو خۆی تەكفیلی دەكا هەتا دەیگەینتە ئەو سەقفەی كە خۆی دیسان دەیەوێ لە دنیاو لە ئاخیرەت.

ئەو جەمعە موبارەكە حازر بوون غیاب بە حضور دەخیندرێ هەموو مەطلوبە هەمووی مەوجودە لە قیادە لە مەسئولین مەسئولینی ئەو سێ صەت نەفەرەی، لەوانە براء بن معروف ئەوە مەسئولی ئەو جەمعەی هی هەر سێ صەت نەفەر، دونی وی عبدالله بن ئوبەی بن سەلول ئەو مونافیقە زەعیمی مونافقین كە هەتا مردن هەر بە مونافقی مرد ئەو شەخصیەی دووەم بوو پێكەوە هاتینە، عبدالله بن ئوبەی بن سەلول نازانی عەمر وە بەڕاء لۆ چ هاتیە، نازانی لیقاء هەیە عیلمەن پێكەوەشن دائیمەن چونكی ئەشراف پێكەوە هەلدەستن دادەنیشن، دیقەت و حەیەویەت لە مەوضوع، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لیقائەكە دروست دەبی وەكی هەفتەی پێشترێ بەحسمان كرد یەكەمین جار مەسئول ئەمنی خاریجی عەباس بن عبدالمطلب قسان دەكا، ئاگاتان لێ بی ئەنگۆ لەبۆ چ هاتینە لە چ مستەوایەكە قەظیە خۆتان بناسن مەوقیعی مەوضوع بزانن چییە؟ وە چ لێتان مەطلوب دەبی لە ئێستاوە خۆتان دیراسە بكەن، ئەگەر خەلەلەك لەخۆتان دەبینن موراجەعەی خۆتان بكەن دەكرێ مەوضوع تەئجیل بكرێ، بە خەفیفی بە موختەصەری عەباس مەقطەعی خۆی بەحس دەكا، پاشان ئەوجە ئەبو بەكر دەست پێ دەكا بوعدی ئیمانی لە مەوظوع چونكی ئەوانە جەمعی موئمینین، ئەوجە پاشان موصعەب ابن عومەیر تەقاریری خۆی تەقدیم دەكا یا رسول الله ئەوە ئەو جەمعە هاتینە لەبۆ فلان شت، هاتینە

خزمەتت، جەنابت لەمەساتی ئەخیری لەسەر قەضیە دانێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەست پێ دەکا بە تەحمیدی خوای و پاشی بەسمەلە مەقطەعەك قورئانیان لەبۆ دەخینی هودوء و ئیستیقرارِی تام دروست دەبی مەلائیکەت هەمووی مەوجودن ئەلطافی ڕەببانی لەسەریانە.

ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە موختەصەری موفید دەفەرمی ئەوە قەضیکە لەو ضەخەماتەی دایە، ئەوە مەوضوعی خوایە دیارە لەسەر کورەی ئەرض ماعەداینگۆ کەسیتکە نەبوو فیعلەن موختاربی و موصطەفا بی لەبۆ ئەو مەوضوعەی، ئەنگۆش فیعلەن تەمەنناداین لەو مستەوایەی بن، لۆیێ ئائەوە مەطلوبی خوایە لەنگۆ، ئەووەلەن: (السمع والطاعة فی المنشط والمکره)، گێ رایەلی من بن چونکی ئەمن وەسیطم چ لە گیرفانی خۆم نایئم، ئەمن لەلایەن خواوە قسان دەکەم: (وما ینطق عن الهوی)(النجم٣) نوطق (إن هو إلا وحي یوحی(نجم٤)، ئەوجە ئەگەر هات و پێتان خۆش بی پێتان ناخۆش بی چونکی ئیرادەی خوای ئەوهایە: (کتب علیکم القتال وهو کره لکم) (البقرة٢١٦)، ئینسان کەرهی ئەو شتەی دەکا، موحتەمەلە بەعەینی مەبدەء بەعینی مونطەلەق زۆر شت هەیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەوان طەلەب بکا ئەوان نەزانن مەقاصیدی خوای چییە لەو مەوزوعانە لە داخیلی خۆیان قیچەکیان پێ ناخۆش بی، لەمەرحەلەی یەکەم ئەمما جارێ حیکەمی ئەو قەضیەی نەزانن لۆیێ دەبی بەدئەن موستەسلیم بن لەبۆ ئیرادەی پێغەمبەر ی صلی الله علیه وسلم، (الطاعة فی المنشط والمکره).

نوقتەی دووەم: (النفقة في العسر والیسر)، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەورەمەند بوو ملیۆنێر بوو هەرچی خەزینەی ئافرەتی خۆی خیزانی خۆی ام المومنین رضی الله عنها خەدیجە بە میرات لۆ پێغەمبەری مابوو صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر هەمووی صەرف کرد لەبۆ دەعوە، (ألم یجدك یتیما فآوی ووجدك ضالا فهدی ووجدك عائلا فأغنی) (الضحی٦-٧- ٨)، ئا ئەو غینائە رب العالمین کردیتی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەمووی صەڕف کرد فی سەبیلی دەعوە، ئێستا ئیمکانیەتی ئەوەی نییە مەددی دەولەتی مورتەقەبی ئیمانی بکا، مەددیان بکا بە مادده بە پارە چونکی موتەفەریغی دەوێ، پاشی قیچەکیتە وەزارەت تەشکیل دەکرێ موستەشارین لیجانی پەرلەمان تەشکیل دەکرێ، ئائەو مەجموعە هیچ نەبی وەزەراء و موستەشارین و پەرلەمانیین دەبی موتەفەریغ بن لەبۆ دەعووە، چونکی شتیان لێ طەلەب دەکا ئێستا ئیذەن دەبی خۆیان ئیدارەی ماددی خۆیان بکەن، ئیذەن (النفقة فی العسر والیسر).

سێیەم: (الامر بالمعرف والنهی عن المنکر)، ئا ئەوەیە جەمعی موئمینین ئەو حەفتا و سێیە ئەوانە مومەثیلی خواینە لەسەر ئا ئەو کورەی ئەرضەی پاشی مەجموعەی حەبەشە و مەککە، لە بەینی

خۆیان ئیحتیکاکات دەکرێ هاتو چون دەکرێ ئەو ئیمانیاتانە لە خودای دێتە خوارێ جل جلالە عەن طەڕیقی وەسیط بەینی وان بەینی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لۆیان تەحویل دەکرێ دەبی ئەوان خۆیان لە داخیلی خۆیان دروستی بکەن پاشان عەمەلی پێ بکەن، لەو ئەسنایەی موحتەمەلە ئیحتیاجیان بەوەی هەبی ئەم ٢٩:٣٠ بە چاکە، وە لە بەر ئەوەی تەفاوتی ئیمانی و مستەوایاتی ئیمانی تێیاندا موتەنەویعە موحتەمەلە بەعزەك بەعزە موکەسەڕات و بەعزە هەفەوات بکا ئەو وەختی دەبی نەهی بکرێ لە خراپە، ئەوە لە ناو جموعی موئمینین.

پاشان: (علی ان تقولوا في الله لا تخافون لومة لائم)، ئا ئەوەش فی الله یەعنی چ؟ نەك في الاسلام، لە قوڕئان بەس یەك جێ هەیە دەعوە لەبۆ ئیسلام ئەو ئیسلامەی کە خوا جل جلالە ناردیتی، نەك ئەو ئیسلامەی کە عولەماء ئێستا لەبۆ مەیان تەرتیب کردیە، ئیسلامی خوای ئینەما لە هەموو قوڕئان دەعوە لەبۆ ذاتی (الله)یە (أدعو إلی الله) (یوسف ١٠٨)، هەموو قوڕئان دەعوە لەبۆ ذاتی خوایە، کەینێ فیعلەن ئەو ئینسانە بووە موئمین بە الله هەرچی نیظام و قانونی (الله)یە ئۆتۆماتیکیەن تەطبیقی دەکا بەبێ سێ و دوو، پێویست بەوەی ناکا (مصالح المرسلة)ی لەبۆ بەحس بکرێ، پێویست بەوەی ناکا ئیستیحسان و ئیستیصحاب و ئائەوانەی لەبۆ تەبین و بەیان بکرێ، الله جل جلالە لە داخیلی ئیعتیباری بوو وجودی هەیە دائیمە حەڕەکەتە نەشاط دەکا فیعلەن ئا ئەو خوایە لە خۆی رازی کا، کە ئەبەو نەوعەی (أن تقولوا فی الله ولا تخافون لومة لائم)، ذاتی الله ئەنگۆ بێخنە ناو قلوبی عالەم، نەك ئیسلام نەك ئیسلامی موتەقەوقیعیش ئیسلامەك موجەززەء یان ئیسلامەك صونعی ئینسان بی ئەثەری ئینسانی پێوە مەوجود بی، ئیسلامی الله یاخود ذات الله، لۆیی هەموو قوڕئان بەس یەك ئایەت بەحسی ئەویش لەگەر ئەهلی کیتابە، (ادع إلی سبیل ربك بالحکمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي أحسن) (النحل١٢٥)، ئەوە لەگەر ئەهلی کیتابە ئەوە وە لەگەر جموعی ناس و چونکی لەناو قوڕئان تەصانیف هەیە یەکەمین جار دەست پێ دەکا بە ئینسان، ئینسانیش کەمترین دەرەجەیە لە قوڕئان پاشان دێتە ناس پاشان دێتە بەنی ئادەم پاشان دەبتە بەشەر پاشان دەبتە موئمین حەدی ئەدنای ئیمان ئەوجە لەناو ئیمانیش تەرەققی هەیە، ئیمان موئمینە فاصیلەك هەیە لەناو فاصیلەی سی و قسور دەرەجە لە قوڕئان مەوجودە دەبتە موتتەقی، پاشان دیسان سی و قسور دەرەجەی هەیە ئەوجە دەبتە موحسن ئەوانە هەمووی تەصانیفە لەناو قوڕئان، دەبی ئا ئەو جەمعە ئەو ذاتە حەقی (الله)ی بێخنە ناو داخیلی ئا ئەو ذاتەی ئەوجە بەو تەسەسولەیدا بیروێنن هەتا دەگەینە ئەو سەقفەی کە خوا دەیەوێ.

نوقتەی پاشی وی ئەویش: (علی ان تنصرون وتمنعون کما تمنعون به أنفسکم وأزواجکم)، نەصرەت هەیە مەناعەت هەیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئیشارەت دەدا، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە چ مەنع بکرێ، ئێستا پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە حیمایەتی عەباس و عائیلەی خۆی و بەنی

عبدالمطلب مەوجودە، هەتا حەددەك ريعايەت دەكرێ هەتا حەددەك ريعايەتی بەنی موطەليب دەكرێ ئەوانەی كە ئيمانيان هينايە وەكو جەعفەر وەكو إلى آخره ئەوانە ئەزيتيان نەخواردیە، ئيننەما ئەوە خەوفەك بوو ئيشارەتەك بوو فيعلەن ئەگەر هاتو دەعوە ئيحتياجی بەوەی كرد تەغيرەكی نەوعی بكرێ لە ئيعداد لەبۆ تەمكين پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئيحتياجی بە موعاوەنە هەبی، ئەووەلەن مەنع بكرێ ضەرەر لێی پاشان ئەوجە دەفع بكرێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لۆ ئەو خەيرەی كە دەيەوێ ئەوەيش بە مەفهومی نەصرەت: (وان تنصرون و تمنعونی كما تمنعون بە انفسكم و ازواجكم).

ئەوە هەمووی ئيرادەی خوای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەحويلی كرد لەبۆ ئەو جەمعە صەحابانە، هەمووی حەفتا و سێ بێ دەنگ بەبێ هەست و نەست گێ دەدەنێ، تەماشای ئەو بينائە ئيمانيە لەبۆ ئەو ذەواتانە كە هەموويان پێشتر لەناو كوفر و فسق و فجور و شيرك و فەساد گەورە بوينە.

يەكسەر دەبی لە مستەوای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شەخصەك قسان بكا لە مستەوای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، فە لۆيە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم روی لە زەعيمەكەيان كرد كە براء بن مە عروف بوو ناوی، فەرمووی يا رسول الله هەرچی ئەمرت كرديە سەمعەن وە طاعە، ئەمن بەنيابەتی قەومی خۆم بە نيابەتی ئەو حەفتا و سێ نەفەرە هەرچی ئەمرت كردبی قبولمانە بێ سێ و دوو، وە ئەوەی جەنابت ئێستا بەحسی دەكەی ئەمە هەمووی مومارەسەمان كرديە ئێستا هاتينە جەنابت موجەرەد لەسەر شەهادەی ئيمانيمان خەتم لێ بدەی، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئيرتياحەكی لەبۆ دروست بوو صلى الله عليه وسلم، ئەمما هێشتا مايە جەمعی موئمينين جەمعەكی عەقلانينە صاحێب ئيدارك و فەهمن صاحێب عيلمن ئەو عيلم و ئيدراكە ئيمان لۆيانی دروستی دەكا، نەك مەفاهيمی ئەرضی نەك موعطەياتی بەشەری ئيمان دروست دەكا وەكی بەحسمان كرد لەداخيلی ئينسان كوتلەك هائيل لە طاقاتی نەوعی هەيە، ئيمان دێ ئەو كوتلەيەی تەفتيح دەكا وەكو سلفی سەيارەی ئيمان دێ ئا ئەو نەوعە مەواهيبانە ئەو هەموو نەوعە كوتلە طاقانە هەمووی تەرەصود پێ دەكا و تەشخيص دەكا و دەفعی دەكا، لۆيێ چەند جار تيكرار دەكەينەوە لەناو صەحابەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم موختەصصين زۆر موتەنەويع هەبووە وەكو بەحسمان كرد، بەس سوفەراء شەش نەوعە سەفيری هەبوو، هەر لە سوفەراء شەش نەوعی هەبوو، هەر نەوعەك ئيختيصاصی خاصی خۆی، ماعەدای مەثەلەن لە حەرب حەربی ديفاعی حەربی هجومی.

مەثەلەن موستەشاری هەبوو بەس لەبۆ ئەسليحە عيلاقەی نەبوو شتيتكە، يەعنی ئا ئەو عيلمە ئێستا كە مەوجودە ئی ئێستا نييە رب العالمين دايتيە بەشەر بە دوو بوعد بە بوعدی ئيمانی و بە بوعدی

سوننەی کەونی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو وەختی بە بوعدی ئیمانی هەموو لە ئەصحابەکان بە واسطەی نبووەتی ئیمان تەفتیحی کردو دەفعی کرد لەبۆ ئیش کردننیان، لۆیێ ئا ئەو جەمعە بەو نەوعییەتە دەرچوینە کە سەید رحمة الله علیه دەفەرمی جیل قرأنـی فرید، قورئانینە نەك نەبەوی و ڕیسالینە قورئان دروستیانی کردیە.

لۆیێ یەکسەر صەحابەك هەستاوە پێوە و ناوی ابو الهیثم بن سیهان، گۆتی یا رسول الله ئەو هەموو بنودانە ئەمە تەطبیقمان کرد، دیارە جەنابیشت ئیشارەتت کرد لەوەی تەنصرونی وە تەمنەعونی ئەمە خەلکی یەثریبین دیارە جەنابت نەقل دەبی لە مەککە لەبۆ یەثرب قبولمانە لەسەر چاومانە خزمەتت دەکەین، هەموو شتەکت تەسلیم دەکەین ئەمما پاشان لەبیرت نەچی ئەمە مەوالیمان هەیە یەهود، ئەمە لەبن دەستی وانین ئەها سێ دەرس پێشی ئێستا بەحسمان کردیە یەهود کو تەحەکومیان کردبوو بەناوی یەثریبیین حەتا کابرا نەی دەوێرا ژنی بینی هەتا ئیستیشارە بە مامۆستای خۆی نەکا، هەر ئیقتیصادی هەر ئیجتیماعی هەر سیاسی هەر عەسکەری هەر ئەبعادی حەیاتی هەمووی، ئەمما یا رسول الله لەبیرت نەچی ئەمە ئا ئەو عیلاقەیەمان هەیە لەگەر وان، ئێستا ئەمە کیانەکی خاصین ئەو مەقطەعەی ببینن کە جەنابت هاتی حەتمەن ئێستا موتەغەیرات زۆر دروست دەبی کە موتەغەیرات دروست بوو شت لەسەر مە **تەرکیب** دەبی ئەو وەختی، یەك لەوانە مەوقیف کە مەوقیف دروست بوو پاشان جەنابت گەڕایەوە مەککەی ئەمە لێرە بەجێ دێلی، فەقەت ئیمانە.

ئیذەن هەموو شتەك بە وضوح پێك بێ نەك غربە غرب و فەوضا یەکسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی پاشی ئیبتیسامە: (بل الدم الدم)، خین بە خین، کەینێ خین ڕژانی ویست لە منیش موستەعیدم خینم برژێنم لەبۆتان، کو ئەنگۆ موستەعیدن خین لەبۆ خوای برژێنن، (والهدم الهدم انا منكم)، بوعدی ئیمانی بزانە عەقلیەتی ئەو صەحابەی وەی لێ کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئینتیمائی لەبۆ ئەهلی ئەنصار بکا، چونکی کەلیمەی (وإن تنصروني) دەرسی پێشترێ گۆتمان حالەکی ئیمانیە، وەکو مەفهومی کەلیمەی هیجرە دەبی ئەو حالە لە داخیلی ئینسان مەموجود بی، ئەوجە دەبتە موهاجیر: (آمنوا وهاجروا وجاهدوا) (التوبة٢٠)،حالەی ئیمانینە ئەوانە، مەفهومی نەصرەتیش لەقورئان مەفهومەکی ئیمانیە، (ان تنصروني) حالەکی ئیمانیە لەداخلیان دەبی خۆیان لێ رابینین، (ان تنصرونی وتمنعوعنی) لێرە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو حالەی لێ دروست کردن.

ئیذەن ئەو ئیمانیەن دەبی تەعامول لەگەر پێغەمبەری بکا صلی الله علیه وسلم لەو مستەوای نەصرەت، باشە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەگەر هاتو ئەو موتەوەقعاتی ئەو صەحابەی هاتە جێی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بگەڕێتەوە، هەر طەبیعەتەن وە بەشەرییەن ڕێك نییە

مەوضوعەکە، فەرمی: (واسالم من اسالمتم انا منکم وانتم منی)، ئەنگۆش لەمنن لۆیێ لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حەڕام بوو پاشی ئیخڕاجی نەك هیجرە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە قوڕئان هیجرەتی نەکردیە ئیخڕاج کرایە، صەحابە هیجرەتیان کردیە دەرسیتکە دێینە سەری ان شاءالله، پاش ئیخڕاجی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەمەککە لەبۆ یەثریب کە دەبتە مەدینة الرسول ئەو وەختی حەڕام دەکرێ لەسەری مەککە، نابی بێ مەککەی نیشتەجێ بی سەر لەنوێ، ئیللا لەبۆ ئەدائی حەج لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە هات لە مەککە دانیشت لە حەج دیسان زوو گەڕاوە، عیلمەن مەوطنی خۆی بوو، حەتا صەحابەکانیش کەسیان چیدی نەگەڕانەوە مەککەی ئیلا ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە والی ئەمر بە وەلی ئەمر لەوێ دای نابی، ئەوەی والی بوبی لەسەر مەککە، ئیستینتاجمان لەوەی چییە.

نوقطەی یەکەم: ئائەو صەڕاحەتە موطلەقە لەبەینی ئەو صەحابیەی کە ناوی ابو الهیثم لەگەر پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، نەك شتەك لە داخیلی بمینێ سبەی دوسبەی فیعلەن حالەتەکە دروست بوبی ئەوانیش پێی رازی نینە، قەضیە ئیمانە دەبی بە صەڕاحەتی تام بە وضوحیش هەر چەندە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قیادەیە ئەو جوندیە ئەمما دەبی ئیستیراتیجیەت لە پێشیان واضح بی، حالەتەکە موستەقبەل دروست بوو لەوی ئیتیفاقی لەسەر نەکرابی موحتەمەلە لەوێ خەلەل دروست کا، لۆیێ کأنە ابوالهیثم مومەثیلی هەموو ئەو جەمعە صەحابەی بوو لەو مستەوا عەقلیەش، لۆیێ بەو صەڕاحەتەی دەبی ئیستیراتیجیەتی ئەهلی ئیمان لەبۆ قیادە و قاعیدە مەوجود بی، هەر چ بکرێ قاعیدە نەزانی ئەوە ئەها موفاجەء بوو، چ بوو ئەوە کرا، مەثەلەن لە ئیتفاقیات لەشەڕ کابرا دوژمنە دوژمنە ئیمانیەن دوژمنە ئیمانیەن تەعامولی لەگەر دەکرێ کە دوژمن بوو ئیمانیەن دەبی ئەو مەوقیفی بگۆڕێ نەك ئەمە مەوقیفمان بگۆڕێ نەك پێغەمبەر و صەحابە مەوقیفی بگۆڕێ کە کافر بوو هەر کافر دەمینێ، ئەمما دەرەجەی ئایا موحاریبە یاخود موسالیمە ئا ئەوە دەگۆڕێ، کافر هەر کافر دەمینێ ئەورۆ کافر نییە سبەی ببتە شیخ فلان ئوستاذ فلان، هەر کافرە کە بە موحاریبت دانەنا ئێستا موسالیمە ئەمما هەر کافرە.

لۆیێ دەبی لەکن قاعیدە نەشاطی هەموو خەریتەی ئیسلامی مەوجود بی بزانی قیادە وفقی چ ئیش دەکا، وە ئەوەش رب العالیمن بەجێی نەهیشتیە بە تەعویم لەبۆ ئەهلی ئیمان، لۆیێ تەمەشاکە خەریتەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەناو قوڕئان هەر لەسفرەوە کە دەستی پێ دەکا هەمووی بەرنامەجە لەبۆ ئیتیجاهات و حەرەکەی ئیسلامی فیعلەن بیانەوێ بەسەریدا برۆن بگەنە نەفسی نەتائیج و ثەمەرە نەفسی حالە، لۆیێ لەکن هەر جموعەك ئەگەر بێتو فیعلەن جەمعی ئیسلامی دەست

بەو خەطەواتانە بكا لە سفرەوە لەبۆ ئائەو ثەمەرەی لەكن قەواعیدیش خەریتە مەوجودە، دەزانی مەثەلەن قیادە فلان وەقت چ دەكا، لۆیێ خۆی موستەعیدە ئیمانیەن لەبۆ ئەو حالەتەو ئەو مەرحەلەیەی، ئیمانیەن موستەعیدە كە ئیمانیەن لە داخیلی خۆی مومارەسەی كرد واقیعی لەبۆ دروست دەكا كابرا خۆی شەخصەن، ئەگەر حالەكە هات لەكنی ئیرتیباك دروست نابی موفاجەئە نییە مەوضوع موسبەقەن لەمێشكی خەریتە مەوجودە، قیادە لە گیرفانی خۆی چ دەرنـاینی هەمووی مورەسسەمە هەمووی موخەطەطە وفقی بینائی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم هەر لە سفرەوە هەتا بینائی كیانی ئوممەی ئیمانی.

نوقطەی دووەم: یەك لەو جەمعە صەحابەی حەفتا و سێ نەفەرەی كەس موناقەشەی لەگەر نەكرد لەگەر ابو الهیثم برێن دانیشە چی گۆتی قسان بكە كأنە هەموویان لەقەلبیان ئەو مەوزوعە مەوجود بوو، فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم وەكو هەدیەكی ڕەبانی لە كنیان بمینێ، لەعەینی وەقتیش مەوقیفی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەگەر وان بی، لۆ چونكی ئەوان و پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم یەك كوتلەنە ئێستا كوتلەی ئەهلی ئیمان جەمعی موئمین (یا أیها الذین آمنوا) (البقرة ٢٧٨)، یان لەسەر تەطبیق دەكرێ.

سێیەم: ئیعتیراضەكەی كە لەگەر پێغەمبەر ی صلی الله علیە وسلم دروست بوو زۆر عەقلی زۆر شەرعی و هادیء، بەینی جوندی و بەینی قیادە بێ ئەوەی لەوالیب و خەلەفیات دروست كا، لەناو دائیرەی خۆی لەناو جەمعەك دانیشتیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەگەریان قسان دەكا یەكسەر غربە غربەك لەوێ پەیا ببی زەبیەك دروست ببی خەت مائیلەك دروست ببی، سێ

چار نەفەر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم قسان دەكا ئەویش دەیەوێ قسان بكا موشكیلەك دروست بی كەهیچ نەبی شكوكەك دروست بكا لەناو قەلبی مەوجودین نەء، ئینەما عەینی بەو صەڕاحەتەی كە ئیمان دەیەوێ لێی بەو صەڕاحەتەی لەگەر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم تەعامولی كرد، یەكسەر هەستا پێوە یا رسول الله ئەو مەوزوعە هەیە، لۆیێ ئا ئەوە دروسە لەبۆ ئەهلی ئیتیجاهاتی ئیسلامی و حەڕەكاتی ئیسلامی قاطیبەتەن، ئاخیری صەحابەكە دانیشت پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم جوابی داوە.

صەحابەكی دی لەولای قیت بۆوە ئەویش دیارە شتی پێیە ناوی عەباس بن عوبادە وە ئەسعەد بن زوڕارە، طەبعەن ئەوە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم مەواضیعی خۆی هەموو طەرح كردیە، ابو الهیثم موناقەشەی كرد ئەو دووەش هەستانە پێوە، ئەوانیش كأنە بەعزە شت لەطەڕحی پێغەمبەر تێیگەیشتینە موحتەمەلە هەموو صەحابە كأنە لە مێشكیان هەموو صەحابە وەكی وان تێنەگەیشتبی،

تەوضیح بکەن لەبۆ جەمعی خۆیان، یەکسەر ئەسعەد بن و زوڕاڕە کە لەهەموویان گچکەتر بوو یەکەمین نەفەر بوو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئیتیصالی پێ بکا، پاشان بیکاتە قاعیدە بەحسمان کرد ئەها موصعەب لەکنە وی لەمالی وی بوو یەکسەر هەستا گۆتی یا جەماعەت ئەوەی ئەمن تێیگەیشتیمە لەقەولی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دوو سێ نوقطەیە.

یەکەمین: حرب الاحمر والاسود (تنصرونی و تمنعونی) ئا ئەوە مەعنایتی، ئەحمەر یەعنی ئەوڕوپیین، ئەوەی لە فەوقی جەزیرەی عەرەبی فەوقی مەنطیقەی شامی ئەو وەقت هەموو غەربیین بوون ئەوڕوپینن بوون موستەعمەرەکی مەنطیقەکی ئەوڕوپی بوو روم موسەیطر بوو لەسەری، پاشان الاسود یەعنی ئەفریقین هەر لەمیسر و شیمالی ئەفریقیا و ئەوانە، یەعنی حەرب عالەمی ئیستیعدادتان هەبی لەبۆوەی ئەوەی ئەمن تیگەیشتم پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئا ئەوە دەڵێ، حەربی عالەمی موحتەمەلە دروست ببی، ئایە ئەنگۆ ئیمانیەن ئیستیعدادتان هەیە لەبۆی ئەوە یەك.

دووەمین: هەر لەعەینی وەقت کەشەڕ دەکرێ لەناو عەرەب ئەوها باو بوو کە ئەشراف لەناو هەوادج و ئەوەی خۆیان مەقامی خۆیان دەمینێن ئەوان شەر ناکەن بەس ئیرشادات دەنێرن، فلان کەس بڕۆ لەوێ جێی بگری و شەڕێ بکا خۆشی هیچی لێ نەیێ، ئێستا نەء لەبەر وەی قەضیەکە ئیمانە دەبی قیادە و ئەشراف سەبباغ بی لەبۆ شەر، ئیذەن بالنتيجة قتلوا أشرافكم، ئایە ئیستیعداتان هەیە شەریف خۆشەویستەکانتان لەناو بچی یەعنی چ یەعنی روئەسائیشتان هەمووی دەفەوتێ.

سێیەمین: یا رسول الله ئەگەر ئەو هەموو شتانەمان کرد ئەوە اسعد بن زوڕاڕە نەتیجە چییە؟ هەموومان کرد موستعیدیشین ئەمە، باشە، موقابیل چییە؟ ثەمەن چیە لەبۆوەی؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەی فەرموو دەولە حکومە کورەی ئەرض فەرمووی: (الجنة)(فلكم الجنة)، جەننە یەعنی بیطاقەی ریضوان، بەو هەموو پێنج شەش نوقاطانە (ریضوان الله) یان تەئمین کرد.

ئیذەن بالمقابل دەچنە جەننە ت ئائەوە موقابیل بوو، لۆیێ تەماشای هەموو بنود و عقودی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بکە لەگەر صەحابە دەولەت نییە ریئاسەت نییە، وەزارەت نییە موئسسەساتی ڕەسمی نییە پەرلەمانات نییە، (جنة)، (فلكم الجنة)، ئەگەر فیعلەن صەحابە بەو نەوعەی تەکوین نەکرابا موحتەمەلە هەر کە جەمعی صەحابە نەقل بون لەبۆ یەثرب پاشی ئەو

بەیعەیەی، چونکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەو صەحابەیە عەمرو بن حەرام و ئەویتکە لە قیادەی دابەزاند دوو سێیەکیتکەی دانا، دەبایە هەر لەوێ ئینقلاب دروست ببی کو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شەریفەکانی هینا خوارێ ئینسانی ئیعتیادی لەکنە وان بە مەعایری وان ئەمما لە ئیمان برند ئەوان بکاتە بەدیل، ئەمما لەبەر ئەوەی لەمێشکی صەحابە دونیا بوعدی دونیەوی نەبووە لۆیە تەماشا دەکەی هەدەفیان حوکم نەبووە، هەدەفیان وەیزارات نەبووە، هەدەفیان مەسئولیەت وەرگرتن و

بەرلەمان نەبووە، هەدەفیان رضوان الله تەئمین کەن فلکم الجنة، یەکسەر فەرمووی (ابسط یدك یا رسول الله) أسعد بن زرارة چونکی لەهەموویان موتەحەمیستر بوو ئیمانی وە وەتەئمین بونی لە هەموویان موتەلەسیقتر و زیاتر چونکی کەممی وەرگرتنی لە هەموویان زیاتر بوو، یەکسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەستی درێژ کرد یەکسەر ئەو یەکەمین شەخص بوو دەستی لە ناو دەستی پێغەمبەری ناو فەرمووی ربح البیع، نە ئەمە پاشگەز دەبین و نە ئەتوو پاشگەز دەبی، ئەتو دەزانی (رسول الله)ی ویستی ئەمری خوای ئەوەت لەگەرە مە کردیە، ئەمەش دوعای بکە ئەمەش ئیمانیەن بگەینە ئەو مستەوایە نەقص لەناو بەیعەکەی دروست نەکەین، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یەکسەر دەستی برند کرد گۆتی یاربی خۆت شاهیدی خۆت رەقیبی خۆت سەمیع و بەصیری، ئەوانە ئەو حالەتەیان لەگەر من کرد یارەبی فیعلەن لەوانە ئا ئەو ئوناسانە دروست بکە کە ئیمان و دینیان لەسەر بینا بکرێ، لۆیێ: (اللهم ارحم الانصار ابناء الانصار و ابناء ابناء الانصار)، ئەوە حالەتی ئیمانیە بالمقابل پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئا ئەوەی لەبۆ کردن.

ئەوجە پاشان ئینسحاب بوون فەرمووی لەبەر ئەوەی جەمعتان زۆرە لەمەو پاش ئێستا تەشکیلی پەرلەمان و حەکمەت دەکرێ ئەنگۆ لەناوە خۆتان ئینتیخابات بکەن، دوازدە نەفەرم دەوێ، فیعلەن لەناوە خۆیان فەترەی زەمەنیان وەرگرت لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەو دوازدە نەفەرە ئینتیخاب بکرێ وە ئینتیخاب کرا، بەعزەکیان ناویان بخینین ئەسعد بن زورارە یەکەمین نەفەر بوو دەرچوو، رافع بن مالك عبادە ابن صامت، سعد بن ربیع، براء بن معرور، سعد بن عبادە، سعد بن خەیثەمە، عبدالله بن رەواحە، ئیتکەش، ئەو دوازدە نەفەرە لە ئیتخابات دەرچون، ئیذەن مەفهومی ئیتیخابات لەبۆ جەمعی موئمینینە، نەك لەبۆ خاریجی موئمینین، لەبۆ ئیجادی شخوصی کە فیعلەن ئەهلی کەفائەتو نەوعیاتی موعەییەن موختەصین کە بێن تەصەدی مەسئولیەتی ئەهلی ئیمان بکەن، مەسئولیەتی ئەوەی وەربگرن فیعلەن بین الله وبین عبادالله ببنە موحەولی صەحیح، ئەوەیە مەفهومی ئینتیخابی صەحیح لە ئیسلام.

دیارە نوقطەی دووەمی رەئیسیش: ئائەو جەمعەی کە فیعلەن ئینتیخاب دەکەن دەبی وەعی ئینتخابیشیان هەبی، بزانن ئا ئەو مواصەفاتانەی کە فیعلەن ئەو جەمعە لێیان طەلب کرایە ئینتیخاب بن ئەوصافیان چییە، پاشان هەدەف لە ئینتیخابەکەی چییە ئەو جەمعە دروست بوو چ ئیشیان پێ دەکرێ لۆیێ یەکەمین شەخص کە دەرچوو ئەسعد ئیبن زوڕاڕە عیلمەن کابرا ملیۆنیریش نەبوو شەریفیش نەبوو، ئەمما ئەو کەفائەتەی ئەو ئینسانیەتەی بەواسطەی ئیمانی رب العالمین لەبۆ ئەسعدی تەسخیر کردیە لە هەموویان بە قووەتترە، لۆیێ وەعی ئینتیخابی لەکن صەحابەی مەوجودە موسبەقەن لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەمری پێ کردن لەو لەحضەیەی دوازدە نەفەرەم لۆ

تەشخیص کەن دوازدە نەفەرەکە دەرچون، ئەوە هەمووی ئیمانە، لەو دوازدە نەفەرەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموی ئەویتکە ئینسحاب کا،

ئیجتیماعەکی موغلەق کرا، هەمووی هەریەکە مەسئولیەتی خۆی فلان کوری فلان مەسئولە لە حەقیبەی امر بالمعروف والنهی عن المنکر، فلان کوری فلان مەسئولە لە جەمعی نەفەقە فی العسر والیسر، فلان مەسئولە لە صیغەی تەطبیقی: (ان تقولوا في الله ولاتخافون لومة لائم) ئەوانە هەمووی موصعەب موسبەقەن دروستی کردیە، لەکن ئەبو بوکر مەلەففات مەوجودە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یەك بەیەك لەبۆیان نەقل دەکا، ئەتو موصعەب ئیختیصاصی ئەوە دەلێ فولانە بەلێ طەمغەم خەتمم لێدا، ئەتو فلان دەوری دەبینی، ئەویتکە ئەتو فلان دەوری ببینە ئەویتکە ئەتو فلان دەوری ببینە، هەمووی وفقی تەوصیاتی موصعەبی.
پاشان فەرمووی دەزانن ئەنگۆ چ دەورەکی دەبینن، خودا ئەو دینەی ناردیە ئەمن کەفیل بم لە سەرتان تەحویل کەم لەبۆتان، ئەنگۆش حەقیقەتەن لەناو داخیلی خۆتان موممارەسەی پێ بکەن وە تەحویلی کەن لەبۆ واقیع.
ئەدنا عەدەم ئیتیباع لەبۆ قورئان عەدەم ئیطاعەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەسئولیەتەن أمام الله ئی ئەو هەموو جموعەی کە ئەنگۆ موشریفن لەسەری، ئیذەن قەضیەکە تەکلیفە نەك تەشریف، مەسئولیەتە أمام الله، نەك تەفضیلە نەك مەقامە نەك کورسیە و مێزە سوپەرات و ئینسان بەدەور رۆیشتنە هەء، أمام الله مەسئولیەتە رۆژی قیامەت لێیان دەپرسرێ ئەوەی امر بالمعروف والنهی عن المنکر ئەو حەقیبەی درابیتێ یەك موسلمان خیلافی ئەوەی کردبی ئەو مەسئولە أمام الله، چونکی رب العالمین لەوی دەپرسی لۆ حەقیقەتت لەبۆ وەی کەشف نەکرد ئەتو لەسەر وەی بیناکرابوی تەخەصوصت ئەو جانیبە بوو، ئائەوە بەو صیغەیەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەموویان قبولیان کردو هەموویان بە ریضوان قەناعەتیان پێ هینا ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مۆری نیهائی لەبۆ لێدان فەرمووی بگەرێنەوە بەتەوفیق و بە حفظی ڕەببانی هەمووی بەئسلوبی خۆیان کە کو هاتن ئەبەو نەوعەی چون.
ئەمما شتەك لێرە هەیە با لە فکرمان نەچی بەلێ الله جل جلاله خۆی مەوجود بوو رەقیب بوو سەمیع بوو بەصیر بوو ریعایەتی حالەتەکەی دەکرد، وەمەلائیکەت خۆیان مەوجود بون ئیشڕافیان دەکرد لەسەر حالەت، وە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەسیط بوو لەبۆ ئەو مەوضوعەی ئەدی شەیاطین؟ شەیاطین مەوجود بون، ئەمما مەلائیکەت تەطویقی مەنطیقەکەی کردبوو، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەئمینی عاردەکەی کردبوو، مەلائیکەتیش تەئمینی ئاسمانەکەی کردبوو، لۆ چونکی شەیاطین

صیراعی بە قووەتیان لەگەر ذاتی پێغەمبەرە صلی الله علیە وسلم پاشان ئەوجە لەبۆ ئەهلی ئیمان بە دەرەجات دێتە خوارێ، عەینی وەقت شەیاطینی جن عیلاقەیان عەن طەڕیقی وەحی هەیە لەگەر ئینسانی شەیطان، سورەتی: (قل أعوذ برب الناس) (الناس١) بخینن، هەمووی ناسە، پاشان لە ئەخیری: (من الجنة و الناس)(الناس٦)، ئیذەن عیلاقەی وەثیق هەیە ئیرطیباتەك صەمیمی هەیە بەینی کەلیمەی ناس لە قوڕئان لەگەر شەیاطین، پاشان خۆی دەفەرمی: (وإن الشياطين ليوحون إلى أوليآئهم) (الأنعام١٢١)، وەحی هەیە، عەینی وەقت شەیاطین کو وەحی خوایی قوڕئانی دێتە خوارێ شەیاطینیش ئەوها وەحی دادەبەزینی، (تنزل الشياطين)(الشعراء٢٢١)لە سەر کێ (على كل أفاك أثيم)(الشعراء ٢٢٢).

ئەها پێشی پینج شەش دەرسان بەحسی ئەوەمان کرد وەلید ابن موغیرە هەر لەسورەتی دووەمی قوڕئان رب العالمین ئەمری دەکا: (ولا تطع كل حلاف مهين هماز مشاء بنميم مناع للخير معتد أثيم)(القلم١٠- ١٢)، ئیذەن وەلید ابن موغیرە مەهبەطی وەحی شەیطانە: (تنزل على كل أفاك أثيم)٠( 222الشعراء) نەفسی صیفەتە، ئیذەن شەیاطینی ئاسمان واز لەو قەضیەی ناینی یەك سەر ئیرطیبات دەکا لەگەر شەیاطینی سەر ئەرز، عەناصری خۆی و قواد و وفودی خۆی، فە یەك سەر قەضییە نەقل دەبی، هەر جارێ شەیطان کە مەلائیکەت رەفع بوون صەحابەکان هەموو گەڕانەوە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ویستی ئینسحاب بکا شەیطان کە مەسئولی ئەو مەنطیقەیە یە تەحەمولی نەکرد لۆ چونکی دەوی گیرا بوو، کە مەلائیکەت دەوی بە جێهێشت دەستی کرد بە هاوار کردن، یا أهل الاخاشب، ئاگاتان لێیە محمد چی کرد، دەولەتی دروست کرد، هاواری کرد هەرچی شەیاطینی ئەو مەناطیقانە مەککە و دەور و بەری و هەر صەنەمەك شەیطانی خاصی خۆی هەموو جەمع بوون، فە یەکسەر قانون دەرچو تەڕشیدات دەرچو بەسورعەت و بەحەڕەکەکی زۆر دائیم بەنەشاطەکی زۆر قەوی تەوزیع ببن، شەیطانی ولید ابن موغیرە دەوری خۆی ببینی وەحی ببا لەبۆی، شەیطانی ئەبو جەهل لەبۆ ئەبو جەهل، ئەبو لەهەب لەبۆ ئەبو لەهەب ئیتیکە بەو تەقسیمە بەو تەوزیعەی، یەك سەر قەضیە گەیشتە کن قورەیش، رەئسەن بەبێ تەئخیر.

لۆ سبەی قورەیش وەفدەکی تەشکیل کرد خەبەرەکە لای یەقینە لە شەیاطین وەری گرتیە وەفدەکی گەورە ضەخم بچی تەقەصی حەقائیق بکا لە وەفدەی یەثریبیین، فیعلەن چون جەلسە دامەزرا بە موعاتەبەی قاسیش، گێمان لێ بووە جەمعەك لەنگۆ یەثریبیین هاتینە ئیتیصالتان لەگەر موحەمەدی کردیە، دەتانەوێ یەعنی بنودی ئیتیفاق شەیاطین نەقلی کردیە، دەتانەوێ نەصرەتی بدەن دەتانەوێ نەقلی کەن لێرە لەبۆ یەثریب، ئەو وەختی لەبن دەستی مە دەرچی بەکەیفی خۆتان تەعامولی لەگە

بکەن لەبۆ مەقاصدی خۆتان ئەمەش ئەوەی قبول ناکەین، ئێرە جێی تەعەبودە ئێرە جێی ئەصنامە ئێرە جێی فلانە، یەثریبیین ماعەدای حەفتا و سێ نەفەرەکەی هۆیەکیان لەخۆیان دی شتی وەها نەبووە، راست دەکەن فەقیرانە یەکسەر عبدالله بن ئوبەی بن سلول قیت بۆوە بەگەورەترین صەنەم سوند دەخوا شتی وەها نەبووە قەومی من کو بێ من بەبێ ئەوەی خەبەر بداتە من شتەکی ئەوها گەورە دەکا.

فیعلەن ئەبو سوفیان و ئەو جەمعە وەفدە هەموو قەناعەتیان پێ هات عبدالله بن ئوبەی بن سەلول جێی ئیحترام و تەقدیرە، ئێ رەفیقیشی براء بن معروف ئەو مەسئولە بەرائیش دانیشتیە قسان ناکا صەحابەکان هەمووی دانیشتینە قسان ناکەن، راست دەکا ئەو ئاگای لێ نییە ئەمما شتەکە بووە، ئەو سوند دەخوا، تەبدیئی بینائی ئیمانی لەبۆ صەحابەی کەس لام و جیمی نەکرد، یەکسەر صەحابە دەستیان کرد بە ئینسحاب لەبۆ لای یەثریب چونکی قەضیەکە تازە نەشر بووە شەیاطین کەشفیان کرد، پێشی ئینسحاب هەر لەو جەمعانە صەحابەك هەبوو قیچەك موتەحمیس بوو قیچەك بەعەجەلە بوو گەنج بوو، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیحساسی کرد ئەوە شەیطان هاواری کرد گۆتی یا رسول الله هیچ پەکت پێی نەبی ئەمە و شیرمان، سبەی هەرچی حەججاجی مینا هەیە هەموویان دەفەو تێنین سبەی، هەموویان سەریان پەل دەدەین، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموی (لم نؤمر بهذا)، خەریتە هەمووی لە دەستە ویە، هیچ لە دەست پێغەمبەری نییە، هیچ لە گیرفانی خۆی دەرنایینی موجەڕەد تەمەشادەکا و پێی دەگوترێ تەحویلی دەکا لەبۆ واقیع، فەرمووی (لم نؤمر بهذا)، لۆ چونکی جارێ مایتی وەکو ثەمەرە دەبی زەمانی بێ، دەبی ئەو نەوعیەتانەی بگەنە ئەو مستەوایە، هەتا فیعلەن ئا ئەو ثەمەرەی کە خوا دەیەوێ ئینتاج ببی، پاشان ئەوە موهیمە حەربی نەوعی بەینی کوفر و بەینی ئیسلام کوفر تەحدید ناکا، ئەهلی ئیمان تەحدید دەکەن، ئەوە هەموو قورئان بەو نەوعەیە، چ وەقتەکی چ وەختەکی طەبعەن لە سیرەی ئەنبیاء و سابقینیش چ وەقتەکی کوفر تەحدیدی زەمان و مەکانی حەربی کردبی ئەهلی ئیمان فەشەلیان هینایە، ضاغیطە بووە لە خاریج، ئەهلی ئیمانیش نەگەیشتینە ئەو مستەواییەی مواجەهە: (إن يكن منكم عشرون صابرون يغلبوا مئتين) (الأنفال٦٥)، نەگەیشتینە ئەو مستەوایە، قەضیەی ئیمانە نەك عەدەد و عودەدە، عەدەد و عودەد تابیعی ئەو حالەتە ئیمانیەیە کە نەگەیشتینە حەتمەن ضەرەر دەبینن فەشەل دەینن، لۆیێ دەبی پێغەمبەر و صەحابە تەحدیدی زەمان و مەکانی شەر بکەن.

ئا ئەوە دەرسە لەبۆ ئیتیجاهاتی ئیسلامی، هەر وەختەکی فتیلی لوغوم مەوجود بوو نابی یەك نەفەر لە قاعیدە و جنود لاقی لەسەر لوغمەکەی دابنێ بتەقی هەموو ئیتیجاهات پێیەوەی توش بی بە قاعیدە و بە قیادەوە، ئەوە ئەمانەتی (الله)یە جل جلاله لە دەست ئا ئەو جەمعە بەشەرانە، لۆیێ پێغەمبەر صلی

الله عليـه وسـلم سـەريع ئـەوانی نـاردەوە، ئـەمما دوو نەفـەر مـابون تـەقاريری نيهـائی وەرگـرن لـە پێغەمبەر صلی الله عليه وسلم ئەويش سەعد ابن عوبادة لەگەر مونذر بن عەمر، ئەو دوو صـەحابيە مابوون لەكن پێغەمبەر صلی الله عليه وسلم تەقاريری نيهائی كليشەی نيهائی ئا ئـەو دەولەتـە ئيمانيـە وەربگرن، صەحابەكانيتكە يەثريبين چونەوە ئەوان ئەو دووە مانەوە، لە ئەسنای ئينسيبحابی وانە كـە قەضـيەكە نەشـر بـوو لـەناو مەككـە، بـەدوو وانـەش كـەتن موشـريكينی مەككـە گرتييـانن، ئـەو دوو صەحابەيە گيرا يەكەكيان سەريع بوو مونذير سەريع بوو خۆی و حەيوانی.

سەعەد كەتە بن دەستيان، سەعديان گرت عيلمەن سەعەد زەعيمە گرتيان بە لێدان بە ئەزيت هينايانە ناو مەككە، لۆوەی تەعذيبی بدەن يـەك سـەر پێغەمبـەر صـلی الله عليـە وسلم پێـی زانـی، صـەحابەكی تەسخير كرد، صەحابەكە لەگەر جەمعی كە لێی دەدەن ئەوەی دەكەن ئـەزيتی دەدەن چووە بن گێـی، گۆتی زوو عيلاجی خۆت كە گۆتی كو عيلاجم كـەم، گۆتـی كـەس موجيرت نـەبووە لـەناو يـەثريب، كەست پەنا نەدايە لە ناو يەثريب تيجارييەن ئێستا خۆت دەورەمەندی مەسئولی؟ گۆتی بـەرێ وەڵلا، كێ؟ گۆتی برۆ عودەی بن فولانی، يەكسەر چو ئا ئەو صـەحابيە بـە كـابرای گۆ، كـابراش موشـريك بوو لە ناو مەككە دانيشتيە لـە نـاو بـەيت، گۆتـی ئـەها سـەعديان گرتيـە گۆتـی ئـا ئـەوە وەختـی خـۆی ئيجارەم كرديە با ئەويش بێ ئيجارەی من بكـا يـەك سـەر كـابرا لـە جێـی خـۆی قيت بۆوە گۆتی بابـە سەعد عايدی منە ئيجارەی بە من كرديە، هەتا پێغەمبەر صلی الله عليه وسلم بزانی تەئمينی ئەوەشی لەبۆ كرد، بێ ئەوەی پێغەمبەر صلی الله عليه وسلم خۆی تەدەخول بكا، بێ ئەوەی صەحابەكی بنێری ديفاعی لێ بكا، هەمووی خەطەواتی ئيمانيە سەعەد بە تەقدير و موكەڕەم و موعەزەز ديسان سواری حەيوانی كرا و ديسان بە تەرحيب وەكو وەفدەك ئيخراج كرا.

ئا ئەوە صيغەی تەحويلی ئيمانە بە حەقيقەت بە خەريتەی ئيمانيش لـەبۆ واقيع، وەكو بەحسمان كرد ئەوە حەقيقەتە، ئەوەی ئەمە بەحسی دەكەين خەيالات نييە ميسالييات نييە، هەر وەقتەك هەر جەمعەك بيەوی بەو حەيەويەتەی ديسان ئەو وەحيە وە ئەو حيكمەتە نەك ئەو سيرەتە، بيەوی تەعامولی لەگەر بكا بەو حەيەويەتەی تەعامول لەگـەر دەكـا ئيللا ئەگـەر خـۆی موريد بـی خـۆی ئـەو ئيستعدادەی تـێ دابی، لە نيهايەت تەمەنا دەكەم لە باری تەعالا لەبۆ خۆم و لەبۆ جـەمعی موئمينين خـودا ئـەو نـەوعـە ئيمانـەمان بـداتێ، ئـەسباب و وەسـائيلمان لـەبۆ تەهيئـە بكـا، خـۆی هيدايـەتمان لـەبۆ دەستـە بـەر بكـا، تەرشيد و تەصويبمان بكا دەفعمان بكا لـەبۆ ئـەو حالـەتـە مەطلوبـە، پاشـانيش لێمـان قبول بكـا، لەگـەر پێغەمبەر و صەحابە جەمعمان بكا، لەوانمان بكا كـە خـۆی فـەرمويتی: (الذين أنعم الله عليهم من النبيين والصديقين والشهداء والصالحين وحسن أولـئك رفيقا) (النساء٦٩)، وصلى الله على

سيدنا محمد صلى الله عليه وسلم سبحانك ربك رب العزة عما يصيفون والسلام على المرسلين والحمدلله رب العالمين.